# سابۆتـاج و شار.

**نامۆ سامان**

مرۆڤ دەتوانێ بە فرێدانی قنگی سیگارەیەک بۆ تەنەکەی خۆڵی نیشتیمان
نیشتیمانەکەی خۆشبوێت و خزمەت بە نیشتیمانەکەی بکات
نەک نیشتیمان بکا بە تەنەکەی خۆڵ.

سابۆتاج وشەیەکی لاتینیەو ماناکەی واتە تێکدانی بە ئەنقەست، واتە تێکدانی شتێک یان پرۆگرامێک یان هەر شتێک بێت بە ئاگایی لە کاریبخیەیت. بۆ وشەی سابۆتاج دەبێت بگەرێنەوە بۆ زوبانی فەرەنسی لەیەوە بۆ کارگەی چنین کەلە کۆتایی سەدەکانی حەڤەدا کەتەونی چنین ویستی قوناغێک بەرەو پێشبروات لە تەونی تەختەوەدارەوە بگۆرێت بۆ ئاسنو ئۆتۆماتیکی کە ئەمەیش بۆهۆی پەشۆکیو دڵراوکێی لە نێوەند کرێکارانی کارگەی چنیندا.
سابۆتاج بەزوبانی فەرەنسی واتە قاپقاپ یان پێلاوێک کەلە تەختە دروستبکرێت، ئەمیش وایکردووە کە ئەم پێلاوە قورسو رەق بێت هەرکاتێکیش گیرایە شتێک کاریگەری خۆی هەبێت زیانێک بگەیەنێت، هەر بۆیە کرێکارانی کارگەی چنین قاپقاپەکانیان گرتۆتە یەکتریو یان داویانە بەیەکدا بۆ ئەوەی دەنگێ پەیدابکات بۆ نارەزایی دەربرین پرۆتیستی شتەکانیانکردووە. بەمانایەکی تر سابۆتاج واتە زەرەگەیاندن بە سەروەتوسامانی دەوڵەتو پەکخستنو لەکارکەوتنی دەزگاکانی دەوڵەت یان هەر شتیک لەمانە بچێت، یان بردنو تاڵانکردنی سەروەتوسامانی دەوڵەتو پێشلکردنی مافەکانی کۆمەڵ. لە رووی یاسایی نێودەوڵتییەوە هەر کەسێک سابۆتاج بکات لە چوارساڵ کەمتر زیندانی ناکرێتو دەبیت بدریت بە دادگاو دادگا بریاری خۆیبدات بەسەر ئەو کەسانەدا کە سابۆتاج دەکەن.

کێن ئەوانەی سابۆتاج دەکەن؟

ئەوانەی کە خۆپیشاندان دەکەنو پرۆتێستی گەندەڵێکانی دەوڵەت دەکەن یان کارمەندی دامودەزگاکانی دەوڵەتە خەریکی سابۆتاجکردنە بە هەستو نەستی دانیشتوانەوە. پرسیار لێرەدا: کاتێک مارتین لوسەر کینگ پرۆتێستی سیاسەتەکانی سپی پێستەکانی کرد مەبەستی سەرەکی ئەو ئەوە نەبوو کە رەش پێستە بەڵکو یەکیک لە مەبەستی سەرکی ئەو مرۆڤە ئەوە بوو کە پیشانی بدات کە مرۆڤ دەتوانێ پرۆتێستبکات خۆپیشاندان بکات بەبێ ئەوەی توندو تیژی بەکاربهێنێت.

نیلسۆن ماندێلا کە بووە سمبولی ئاشتیو بوو بە پیاوی سەردەم بەزیندوویەتی چووە مێژووی مرۆڤایەتییەوە لەبەر ئەوە نەبوو کە بیستو حەوت ساڵ لە زینداندا بووە بەڵکو لەبەر ئەوە بوو ئەو پیاوە بەراستی میللەتەکەی خۆی خۆشدەویست بەراستی خەباتی لە پێناوی ئازادی وڵاتەکەی خۆیدا کردوو هەربۆیە هەرکەسێک رێزی خەڵکی وڵاتی خۆی لابێت خەڵک وڵاتانیش بەپی بەهاکانی خۆی بەپێی راستگۆیەکانی خۆی بەپێ سەروەرێکانی خۆی رێزی لێدەگرنو دەبێتە نمونەی کەسایەتی باش و تەندروست.
بەدرێژای تەمەنی نارەزاییەکانی خەڵکی کوردستان لە باشوردا بێجگە لە هەڵەبجە کە سوتێنرا لەگەڵ تاکیک لە جامی جامخانەی هوتێل پالاس تاکو ئێستاکە زیانێکی تر بە دامودەزگای دەوڵەت نەگەیاندراوە لە لایەن خەڵکی نارەزاوە،
بەڵام دامودەزگاکانی پاراستنی دەوڵەت توانیویانە زیاتر لە دەیان کەس بکەن بە قوربانی لولەی تفنگەکانی خۆیان.
واتە بەپێی هاوکێشەی تەمەنی نارەزای لە باشوردا ژیانو خوێنی خەڵکی، تاکەکان گەلێک لە جامخانەو شوشەو بیناکانی دەوڵەت بێ بەهاترە هەر بۆیە کوشتنی ئەوانەی نارەزایی دەکەن خوێنی بەهان هەرزانتر دەکەوێت وەک لە شکاندنی جامی جامخانەکانی هوتێل پالاس.

سابۆتاج بەمانای وشە ئێستاکە زۆر بەکارناهێنێریت چونکە ئەو سەردەمە رۆشت کە تاکەکان بتوانن ژیان لە کۆ تێکبدەن، مەگەر دیکتاتۆرەکان نەبیێت. ئەوسەردەمە بەسەرچوو کە تاکێک کۆمەڵیک بە ئارەزووی خۆی بچەوسێنیتەوە یان گاڵتە بەهەستو نەستیان بکات. کێ رێگە دەدات بە کەسێک سوکایەتی بە پیرۆزێکانی بکات مەگەر زۆر ساویلکەو بێدەسەڵات بێت. مەگەر ئەوە وڵاتەکەی من نییە یاسا سەروەرو کلتورو ترادیشونیش چەتری سەری ژیانە.

ئەم وشەیە زۆر دەمێکە لەبیرمکردبوو، تائەو رادەییەی کەبڵیم ماناکەیشم فەرامۆشکردبوو تاکو لەم رۆژانەدا لە یەکێک لە ستاشونەکانی ستۆکۆڵمدا چاوەرێ شەمەنەفەربووم و بگەرێمەوە ماڵی، بەڵام شەمەنەفەر نەهات بۆ ماوەیەک دواکەوت لەم مانگانەی دواییدا لە ستۆکۆڵم هێلی شەمەنەفەری ژێر زەوی تارادەیک بڵێم دوادەکەوێت کە ئەمە یەکەم جارە وابێت لە ماوەی پەنجا ساڵەی تەمەنیدا، لە پردا کابرایەک هاتوو رووکردە دەمی من وتی: ئەمە سابۆتاجە! تۆزێک تێرامامو دوایی بێدەنگیم دەربری کابرا هەربەردەوام بوو لە قسەی خۆی من سەرم سورمابوو ئاخر بۆ سابۆتاج دەبێت دواکەوتنی شەمەنەفەرێک بۆ پێنج خولەک چی روودەدات، خۆ دنیا کاولنابێت، خۆ ئیتر فیلمی دووهەزارودوانزە روونادات،

کابرا زۆر تورە بوو منی سەر رەشی بێدەنگ کە لەوەتەی هەم بێدەنگم لە کوشتنو برینی لاوانی وڵاتەکەم بێدەنگ بووم لە ماڵو سامانی وڵاتەکە کە چووە گیرفانی چەند کەسێکەوە بێدەنگ بووم، لە شەری براکوژیی ئەم پارتانە کە ئێستاکە نانو ئاو بەبێ یەکتری ناچێ بەقورگیاندا، کەسیش نازانی لەسەر چی ئەو خەڵکەیان ماڵوێرانو سەگەردانکرد،

لە تیرۆرکردنی لاوانو گەنجانی وڵاتەکەم بێدەنگ بوو کە وەک مێگەل بۆ کێگەکانی شەری ناوخۆیان راپێچدەکردن،

لە گاڵتەکردنو سوکایەتی بە تاکی کورد بێدەنگ بووم، ئێستا لەسەر پێنج خولەک شەمەنەفەر دواکەوێت یان نەکەوێت بە جەهەنەم کەی ئەوە کێشەیە، لە وڵاتێکیشدا کە هی خۆم نەبێت، من لە وڵاتەکەی خۆمدا نەمتوانی دڵدارێک بۆ خۆم پەیدابکەم هەرگیز ناتوانم لێرە عاشقبم.

بە لاوی بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر فریایی شۆرش نەکەوم بەردێک نەخەمە سەر ئەم شۆرشە چەکدارییەو دێرک لەسەر دیواری توالیتی مزگەوتێک نەنوسم ئیتر تاماوم نابێت لەرووم بێت قسە لەسەر خۆشەویستی نیشتیمان بکەم هەر بۆیە ناچار فرکان فرکان تا هێزم تیابوو بۆمکرا ئاودەستی مزگەوتەکانم بە برۆخی بەعس رەشکردووە، بژی کوردو کوردستانم بەگەورەیی دەنووسی تائەوکاتەی ئەمەریکا سەدامی روخاند من باورم بە هێزی چەکداری ئەم دووپارتە هەبوو نەک لەبەر ئەوەی کە ئەم دووانە باشبن بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتڤێکی تر بەدەستەوە نەبوو.

زۆر دڵ خۆش دەبووم تاکو دێرێکم دەنوسی من شەو خەون نائەچووە چاوانم بەیانیش کە رۆژ دەبووە پەلەپەلی ئەوەم بوو چ زوو قوتابخانە تەواکەم ببمە پێشمەرگە، داوایی لێبردوون لەو کەسانەدەکەم کە لەسەر خوێندنەوەی دێرە بێ بەهاکانی من خرانە زیندانی فاشێکانەوە، بەڵام پارتەکانی ئێمە بە هەزارەها رۆڵەی ئەم میللەتە داماوەیان کردە سوتماکی بەرژەوەندێکانی خۆیان بە هەزارەها لاویان خستە زیندانە فاشێکانەوە پەتی سێدارەیان لە گەردنکرا، بە هەزەراها جوانیان لە دایکو باوکو خوشکوبرا کرد بە سەدان عاشقیان بێ دڵدار کردو بە هەزارەها ژنیان بێوەژنکرد کەچی داوایی لێبوردنیان لە کەس نەکرد بێمنەت بە فیزی زل هەنگاویان بەسەر ئەم خاکەدا دەناو لوتی بەرزیان ئێمەیان نەدەبینی.

سکانداڵی عەقڵیتی سەرکردایەتی حیزبە سیاسێکانی ئێمە لەوەدایە ئەوان بۆیان هەیە وەک ئاژەڵ پێش خۆیمانداو بۆ بەرەکانی جەنگمان بنێرێتو تاک بە تاکمان سەرگەردانو زیندانی بکات بەڵام بۆ ئێمە نەبێت تەنها دێریک لە مێژووی دۆراوی ئەوان بنوسین . ئەمە وەک ئەوە وایە عەرەب تورک فارس نیشتیمانەکەیان داگیرکردوون بەڵام بۆ ئێمە نەبێت بە مولازم موحسینەکان بڵێن شەرمناکەن دێنە ماڵەکەمان، بۆشمان نەبێت لە ماڵەکەی خۆماندا قسەیەک بەبرا عەرەبەکانمان بڵێن کە بەناوی دیموکراسییەوە زیاد لە پێنج سەد هەزار خێزانی عەرەب لە باشوردا دەژی، ئنجا کێ ناڵێت لە پاشەرۆژدا برا عەرەبە شۆرشگێرەکانمان لە فەلەستینەوە نایەن بۆ باشور نیشتەجێبن. بەڵام برا کوردەکانمان بۆیان نییە بە قەندیلیشەوە بژین. ئێمە دەبێت لەوە تێبگەین ئایا کەرکوک دڵە یان قودسە خۆمان بۆساخ نەبۆتەوە لە کەرکوکدا پارتە کوردێکان دۆرانیان ئایا گرنتی چییە لە مادەی 142 بە دەنگدان نەیدۆرێنن ئایا ئەوکاتە دەڵێن چی؟ یان دەستە چەورەکەیان دەسرن بە سەر کراسی ئەو خەڵکە داماوەدا دەڵێن ئێوە دەنگتان بۆ نەدایین. ئێمە نەمانزانی تاکو ئێستاکە

لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ رژێمە یەک بە یەکەکانی عێراق کورد بۆ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا رێک نەکەوت؟ بۆ بە درێژای مێژوو کورد لە عێراقدا شکستی هێناوە؟ ئایا ئەگەر ئەم سیاسەتە هەڵەیەی کورد نەبوایە کە لە نێوەند خۆیادا خۆخۆرنو ئاغایی یەکترین بەڵام لەبەردەم دووژمناندا وەک ئاو وان ئەوەندە شلن. ئامانە هاتن چارەنوسی میللەتێکیان خستە سنوقی دەنگدانەوە خەباتی چەند ساڵەی ئەو خەڵکەیان کەدایان بەکوشت خستە بەرەحمەتی دەستورو دەنگدانەوە.
ئەگەر یەکێک کوردی زوبان بێت گوێ لە بستوچوار کەنالی لوکاڵی و ناوخۆییگرێت دەبینیت دایمە ئەم پارتانەی کورد خەریکی سیاسەتن، دایمە لە رادیۆ لە تەلەڤیزۆن لە رۆژنامەکان لە چاپخانەکان لە ماڵەکان لە سەربان لە مەلهاکان لە بارەکان لە چایخانەکان لە زانکۆو قوتابخانەکان دایمە خەریکی سیاسەتن، دایمە خەریکی سەروەرێکانی حیزبن بەسەر شانوباڵی مێژووی دۆراوی خۆیاندا هەڵدەدەن ئەگەر یەکێک کورد نەبێت بەڵام کوردی زوبان بێت هەست دەکات ئەم میللەتە ئەم پارتانە ئەم سەرکردانە فەیلەسوفی سیاسەتن دیبلۆمیان لە رامیاریدا هیناوە ئەمانەن کە خۆرئاواو خۆرهەڵاتیان لەژێر دەستایە، ئەمانە جادووکەری گۆرەپانی سیاسەتن، ئەمانە بەدرێژای مێژوو لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا قسەیان دەروات. سیاسەت و عەقڵی بەرێوبردنی ژیان بەدەست ئەوانەوەیە، بەڵام لەراستیدا ئەمانە خاوەنی بستی دەوڵەتی خۆیان نیین ئەمانە سکانداڵی قسەن، سکانداڵی سیاسەتو ماڵوێرانین کە چۆن تاکو ئێستاکە ئەو میللەتە قوربەسەرەیان شێتو سەرگەردان کردووە هەرکاتێکیش کەوتنە ناهەمواریەوە بە ناوی شەرفی نیشتیمانەوە کورکانیان پێشخۆیان دەخەن بۆ کێلگەکانی شەر و ماڵوێرانی تاخۆیان لەو قەیرانە دەبازکەن.

بەناوی ئەم نیشتیمانە درۆزنەوە
سەدان کەسیان بەرەو کێڵگەکانی جەنگ راپێچکرد
بەناوی ئەم بستە خاکەوە سەدان دڵداریان لەیەککرد
سەدان ئەنفالو سەدان کۆچو
سەدان جار دەستی ماڵئاواییان لێبەرزکردینەوەو
بە تەنها لە نێوەند سەمای مەرگی خۆماندا بەجێیانهێشتین
بەناوی  ئەم نیشتیمانە بێ باوکو دایکەوە هاتن
کورەکانیان پێش خۆیانداو
ئێمەیان بەسەر شەرەفی نیشتیمانە جێهشت
بە میوانی هاتن
هەگبەکەیان پربوو لەتبوونی گەردیلەکان
پربوو لەجەهالیەتو دووبەرەکیو
سەبەتەی زانستیان پربوو لە درۆ خیانەت
 هەرزوو  لە ماڵدەریانکردین
بەناوی داهاتووە هاتن
بەسەدەکانی جەهلیان سپاردین
کە هاتن ددانەکانیان زەرد
بۆنی بن باڵو هینیان دەهات
تەنیایی سکس دایرزاندبوون
هەر زوو کچە جوانەکانیان لە خۆیان مارەکرد
نیشتیمانیان کرد بە شارو
شاریشیان کرد بو گوندێک
لەکۆتاییدا هەموومانیان بەرەو عێراقیان راپێچکرد

کەنوسینیشم هەڵبژارد وامدەزانی نوسین دنیا رزگاردەکات منیش خۆشبەخشدەژیم لەباوەشی کچەکەی حاجیدا گۆرانی و سرود بۆ چەوساوەکانی دنیا دەڵیم، پاش ئەو هەموو تەمەنە ئێستاکە دەزانم نوسین سەرگردانییەو خۆیشم زیندان و دیلی نوسینەکانی خۆمم. نەنوسینم دنیا رزگارکردو نەخۆشیم خۆشبەخت ژیام.

ئێستاکە لەبچوکترین خاڵی ئەم گێتیە بچوکترم
زۆر دەترسم ئاساوری جەنگ بمسرێتەوە و
بمسرێتەوە کەسێک ئاگای لە دواچرکەکانی تەمەنم نەبێت
من هەموو تەمەنم بەبێ ئاگا بردەسەر
ئێستاکە چما خەمی دوا چرکەی تەمەنمە.
ئەم دنیایەم ئەوەندە لابچوکبۆتەوە
جێگەی جووتێ پێڵاومی تیانابێتەوە بۆ لە پێیکردن

منێک کەبەوە نێوزەند کرێم بە قاپشۆرەکانی ئەوروپا بە پاکژکردنەوەی پیساییەکانی ئەوروپا ئیتر چۆن دڵم بەم نیشتیمانە خۆشبێت! من بەم هەموو هەژاری و قاپ شتنەوە، بەم هەموو مەنفاو دوورە لە ئازیزانەوە کەچی دڵم هەر لای ئەوانە دڵم لای چپەو سوێسکەی دڵی ئەوانە، منی هەژار دەبێت بگریم فرمێسکی درشت هەڵرێژم بۆ سوتانی هوتێل سۆما، کەهی خۆم نییە دەبێت هاوارکەم بۆ خوێندکارو رۆژنامەنوسەکانی کوردستانو دەنگی خۆم بخە پاڵ ئەو رۆژنامانەی کە تاکو ئێستاکە نەیان وێراوە تاک دێرم بۆبلاوکەنەوە لەبەر ئەوەی من لە هەندەرانمو قسەی زلدەکەم نابێت گۆبەنگیان بۆ برەخسێنم، بەڵام دەبێت من خەمخۆریان بم، بەڵام دەبێت من دەنگی نارەزایی بخەمە پاڵ دەنگیان بەدەنگی بەرز هاوارکەم بلێم ئازادی بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان، ئەو رۆژنامەنوسانەی تاکو ئێستاکە دێرێک وشەیان لەسەر قاچغبردنی بوجەو نەوتی نیشتیمان نەنوسییوە، تاکو ئێستاکە دێرێکیان لەسەر ئەوە نەنوسیوە کە داگیرکردن تەنها خاک نییە ئەوە نییە تورکیان تەنانەت حەمامی ژنانیشی داگیرکردووە، بەڵام ئازان بۆ بلاوکردنەوەی راپۆرتی درێژ بۆ سوکایەتی بە یەکتری، دەبێت کۆمەک کۆکەمەوە بۆ لێقەوماوانی نیشتیمان دەبێت خەمی نەخۆشییەکانی دایکم بخۆم دەبێت خەمی ماڵە دراوسێ بەعسێکان بخۆم یەک یەک هەواڵیان پرسم ئەبیت دڵم پاکبێت ئیتر کەس بە کۆنە بەعسی کۆنە موستەشار نێوزەند نەکەم ئیتر دەبێت پەریەکی سپی لە ژیانم هەڵدەمەوە ئیتر نەبمە فیتنەی راستێکان. من کە لەم نیشتمانە دوورمو دووری‌وتەنیایی لە هۆش خۆ بێدەماغیان کردووم، من تەنها ئەوەم لەسەر لەکاتی دەنگداندا لەکاتی زورناو دەهۆڵ لێداندا دەنگیان بۆ بدەم ئەوانیش بە تۆپزلی بەرەو عێراقم بەرن فێری ئەوەمدەکەن چۆن خۆم بە عێراقی بزانم بەشداری لە چالاکیکانی ئەدەبو وەرزشی عێراقی بکەم شانازی بە مێژوور عێراقەوە بکەم بەشداری کۆنسێترو ڤیستیڤاڵی عێراقی بکەم.
عارەبی عێراقی بە ناوی حوکمەتی عێراقییەوە بۆی هەیە تانکو فرۆکە جەنگێکان لە ئەمریکا بکرێت کوردیش بۆی هەیە چەک لە دوژمنانی بە قاچاغی لە ئێرانو تورکیاو سوریا بکرێتو بیگرێتە یەکتری. هەرکاتێکیش روبەروی خەڵک بوونەوە نمایشەکانیان بە چەکی دوژمنانو سەربازێکی زۆرەوە لە سکرینی تەلەڤیزۆەنکانیانەوە نیمایشکەن بۆ تۆقاندنی خەڵکی.

من بەم هەموو قاپ شۆرینەوە هێشتا خەمی نیشتیمانمە، هێشتا خەمی سەرکردەو کوری رابەرو مەسئول کۆنە جاش موخابەراتوو قاحبەو پیاو چاکانمە.. خەمی ئەوەمە کە گەرامەوە خودا نەکات لە دەم دەرچێ بلێم ئەی فلانی کۆنە تەواری چۆنە؟ ئەی توخودا فلانی کۆنە هین چۆنە؟ منی دوور لە وڵات دەبێت خەم لەهەموو شتێک بخۆم بەڵام کی خەم لە نیشتیمان و قاپشۆرەکانی ئەوروپا دەخوا.. بەگورەوە خۆمدەکرد بە سنگی نیشتیماندا پشویەکم نەئەداو خێرا جانتاکەم دەکردەوەو دەستمدەکرد بە بەخشینی دیارێکانم، بە قەراغی جادەکانی مەنفادا دەگەرام شتە جوانەکانم دەبینی یەکسەر دڵم لای ئەوان بوو، ئەم کراسە گوڵگوڵییە بۆ ئەویان ئەم بۆنە خۆشە بۆ یار ئەم بۆینباخە بۆ فڵان ئەم شتە جوانە ناسکە بۆ کچەکەی فلان ئیتر ئەمەیان ئەوەیان بە قەراغی جامخانەکانی ئەوروپادا من هەموویان لە بیربوو بە گورەوە خۆمدەکەم بە ماڵدا پشویەک نادەم تەلەفون بۆ هاورێکانم دەکەم من لەم تاراوگەی رۆحەوەوە کە سەرما پەنجەکان دەگەسێ خۆر

لەگەڵ خۆمدا دەفرێنم خۆم دەکەم بە ژووری نانخواردندا گەرمیان دەکەمەوە هەر لە ڕێگاوە پلان دادەنێنم چۆن بدوێم لەگەڵیاندا چۆن فێری خۆشەویستی ئاڤێستاو جوانی نیشتیمانیان بۆبکەم کەچی ئەوان نایەڵن دەمکەمەوە یەکسەر باسی تاقمی قەنەفەی تورکیو غازی ئێرانی ماستی تورکیم بۆ دەکەن.. ماستێکی تورکی هەیە هەر دەڵێیت ڕۆحە ئەوەندە خۆشە ژوورێکی میوانی تورکیمان کرییوە پەردەی تورکیو قاپی تورکیو ئیتر هەمووی تورکی مەڵەکەمان ڕازەوەتەوە بە تورکی، بۆ ئەوەی لە ژووری میوان دانیشیت دەبێت داوای مۆڵەتی کلیلی ژووری میوان کەیت ئەگینا ئەو ماڵە زلە گەورەیە یەک تاکە کلیلی نییە تەنها ژووری میوان نەبێت کە بە قەنەفەی تورکی ڕازاوەتەوە، قوتابخانەیەک کراوەتەوە بە تورکی خودا یاربێت منداڵەکەمان دەخەینە ئەوێ،، من باسی نیشتیمانیان بۆ دەکەم ئەوان باسی قەنەفەو سۆفا ژووری میوان بۆدەکەن، لەپڕدا لەگەرمەی دیاری بەخشینەوە لەگەرمەی هەناسیەک لە نێو ماڵی نیشتیمان یەکێک هاوار دەکات و دەڵێت: موسەلسەلە تورکێکەیە، خۆ بەدەمییان نایەت بڵێ زنجیرە هینەکەیە، لە تاراوەگە بەدیار ئەو نواندە کوردییە بێمانایانەوە دادەنیشتیم هەرلەبەر ئەوەی کوردی بوو بە زوبانێکی سەقەتەوە تەحەمولێکی دەویست گوێیان لێبگریت لەهەمووی سەیرتر  ئەوەبوو کەلە ژێرەوە جارە جارێک بەژێرنوس لێیان دەنوسی مافی کۆپیکردنی پارێزراوا بۆ کەناڵی کاف یان ریکلامیان بۆ کۆپیکردن دەکرد کە شتێکی باش نییە بەڵام خۆیان وەکو دزێکی ماقوڵ ئەو هەموو فیلمو پرۆگرامانەیان دەدزی ئاسایی بوو ئاخر ئەمەیە سکانداڵی حوکمی قەرەقۆز ئیتر چی لەم هەرێمەوە فێردەبیت. وەک شێتو ماخۆلان هەر هەموو بەرەو ژووری تەلەڤیزۆن ڕادەکەن منیش وەک چۆن بەدرێژایی مەنفام تەنیابووم بۆ جارێکتریش لەنێو خاکو کەسو نیشتیمانی خۆم تەنیا دەبمەوە یەکسەر تەنیایی ژووری مەنفام بیردەکەوێتەوە. دەڕوانمە خۆم خۆمی تەنیا، خومی گەنجی کوژم، خۆمی نیشتیمان کوژم، خۆمێک کە لەوێ پەنجەرەیەکم نییە بۆ ڕوانین،  لێرەیش تەنها بەدیاری  دیارێکانی مەنفاوە جێیان هێشتم بەدیاری خەمی نیشتیمانەوە تەنیایانکردن بەدیار ئازارەکانی نیشتیمانەوە یادە تاڵەکانیان وەبیر هێنامەوە، بەدیار ئەم خەمی هاتنەوەم هەستدەکەم کە کراومەتە دەرەوەی ژیانی ئەم نیشتیمانە کەرۆژانە کە شەوانە من لە تاراوگەوە ئاخو خەمی بۆدەخۆم، کە چرکە بە چرکەی تەمەنم هەناسە بۆ گەڕانەوەی دەخۆم  ئاخۆ ڕۆژێک دێت خۆم بکەم بە سنگی شارداو شاریش پیشوازی لە هەناسەو هەستی من بکات ئاخۆ ئەو ڕۆژە دیت؟ ئاخۆ ئەو ڕۆژە دێت شار بمناسێتەوە؟

ئەوان باڵەخانەو کۆشکەکانی ناوەوەی من نابینن، ئەوان هەست بە هەستو نەستی من ناکەن کە لەوەتەی هەم تفێکم نەکردۆتە سەر شەقامی شار، میزم بە دیواری نیشتیماندا نەکردوو شەقم لە تەنەکەی خۆڵی هیچ ماڵێک نەداوە بەڵام من هەموویان دەبینم دەبین چۆن بە دیار فیلمی تورکییو میسریەوە ئەو هەموو کاتە جوانە بەدەم گوڵەبەرۆژەو چەرەساتەوە دەکوژن. نیشتیمانیش لەدەرەوەی هەستونەستی ئەوان وەکو هەبێت نەبێت وایە.من خەونم بە نیشتیمانێکەوە دەبینی لە گوڵ، پرلە چرپەو سڵاوی یار، پرلە سەروەرییو دوور لە کوشتنو تۆقاندنو ڕاکە ڕاکە بە دووی لەتێ ناندا، خەونم بە خاکێکەوە دەبینی کە کەنەسمەکانی  هەستکەن ئاسمانێک هەیە بۆ فرین کۆترەکان لەسەر لەپی دەست دەنوک لە دەنکە گەنمە دەنک ئاڵتونێکان دەدەن،  کەس تفەنگی پێی نییە بۆ کوشتی مەلەکانی نیشتیمان لەوێ بۆنی خاکو بۆنی نیشتیمان ئاوێتەی یەکبوون هەست بە خۆشەوستی خاکو ئاو دەکەیت، ئێستاکە ئەم بستە خاکە هەبێت یان نەبێت بەمن چی، جەنگ بێت یان ئاشتی بەمن چی، مرۆڤ کەسەروەری نەما ئیتر سڵاوی یار لەپایی چی! ئەوانە بەو هەموو سەروەتو سامنەوە خەمی نیشتیمانیان نییە چما من شێت بووم وا شێتانە خەم دەخۆم، چما من شێت بوو شەو نییە خەون بە نیشتیمانەوە نەبینم، ڕۆژ نییە ئاخ بۆ بستە خاکێک هەڵنەکێشم کە مەردمەکانی خەریکی هەڵکەندی مەرگی یەکترین.

کەمن پەنجەرەیەکم نەبێت بۆ ڕوانیین
ئیتر پیاسەی ئێوارانو
سێبەری باغی میر بەمن چی
کە من سڵاوێکم نەبێت بۆ یار
ئیتر لەرینەوەی پەنجەکان بە من چی

له هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەبێت شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم کە سەرکردە ملهور ترسنۆک چاوچنۆکەکەم بە خراپە ناودەبات، ئاخر چۆن دەبێت لەبەر چاوی دوژمنان، لەبەر چاوی عەرەبو فارسو تورک قسە بە سەرکردەکەم بڵێم کە شەوڕۆژ لەسەر گەندەڵیان دەنوسم ، نابێت خۆم بە کوردی راستەقینە دەزانم نابێت باسی گەندەڵی نیشتیمان بکەم ئەگینا ئەوە خەتی سورەو شورەی نیشتیمانم لکەدارکردووە،
دەبێت لێرە بەکڵ ئەو عەرەبانەدا بچمەوە کە دەڵێن شیمال عێراق دەبێت خۆم هاوارکەمەوو بقیژێنم بڵێم کوردستانیم بەڵام ئەوان لەویێ لەنێو بازنەی نیشتیماندا قوتابخانەکان دەگەرێن ، زانکۆکان دەگەرێن لە دەرگای باخچەی ساوایان دەدەن لە دەرگای ماڵەکان دەدەن بە 24 کەناڵی لوکاڵیو ئاسمانییەوە ریکلام بۆ عێراق و عێراقی دەکەن بۆ ئەوان مرۆڤاییەتیەو بۆ منیش قسەی زلو شۆڤێنیو دووریو تەنیاییە.
من لێرە کە پاسپۆرتی ئەوروپیم پێیە خۆم بە کوردستانی دەزانم سوێند بە گۆری شەیهدانو کوردستان دەخۆم، شەهید ئارامم کردووە بە سمبوڵی خەباتو تێکوشانو ژیانەوە دایمە ناوی ئەو مرۆڤە لە ئەندێشەی مندا نابێت شین دەبێتەوە نابێت دەژێتەوە خۆیشم نازانم ئەو مرۆڤە بۆ کاری تێکردووم. هەوڵدەدەم بگەرێمەوە ئاڤێستاو گاگان بکەمە سونەتی ژیانم، هەوڵدەدەم کە رۆشتمەوە سیگار نەکێشم تا ژینگەی نیشتیمان پیسنەکەم، هەوڵدەدەم هەموو رۆژێک وشەیەکی کوردی رەسەن لە جێگەی وشە کوردییە عارەبێکە بەکاربهێنمو زوبانی کوردی زیاتر پاراوترکەم، هەوڵدەدەم لە ئێستاوە خەڵک فێری ئەوەکەم کە خۆشەویستی نیشتیمان لە پاکو خاوێنیدایە،
مرۆڤ دەتوانێ بە فرێدانی قنگی سیگارەیەک بۆ تەنەکەی خۆڵی نیشتیمان نیشتیمانەکەی خۆشبوێتو خزمەت بەنیشتیمانەکەی بکات، نەک نیشتیمان بکا بەتەنەکەی خۆڵ، فێریان دەکەم بستێ خاکی نیشتیمان بە یەک ملۆن دۆلار نەدەن کاتێک دەڵاڵێکی کورد دێت دەیەوێت بەناوی کۆمپانیاوە خانۆکەی بکرێت بۆ برایم تاتلسەکان.

بەڵام سەرکردەکەم بە شانازییەوە دەست دەکات بە گیرفانیداو پاسپۆرتی عێراقی دەردەهێنێت و دەڵێت من عێراقیم، لای منیش خۆیکردووە بە کوردی عەیارە بیستوچوار، تابۆی بکرێت دەچێتە سەر گۆری ئەتاتورکەکانو دەڵێت: تاکوئێستاکە کەباب بە دەیە لە کوردستان خەمی دەوڵەتی کوردیتان نەبێت قەت دروست نابێت، چونکە باشورمان کردوە بە هەرێمێکو ناومان ناوە هەرێمی کارتۆنی عێراق سەرۆکیشمان بۆ داناوە بە دڵی ئێوە، بەڵام لە راستیدا خۆی شێتخانەیە، تاکەکانی ئەم هەرێمە ئەگەر تیرۆر نەکرێن ئەوا بە عیبرەتدەکرێن هەربۆمان نەکرا بە پارە ئابرویان دەبەین. ئنجا لەو هەرێمەیش مەترسن چونکە لە بنەرەتدا هەروەکو وتم شێتخانەی دەروونییە بۆمان خوڵقاندوون نەک هەرێم، لە هەموو شتێک بچێت لە هەرێم ناچێت، فەوزایەکمان بۆ خوڵقاندوون کەس بیری لای نیشتیمان نییە، وامانلێکردوون کەس سەری نەپرژێتە سەری ئەویتر، ئێمە کارێک ناکەین ماڵەدراوسێ برەنجێ ئێمە ئەوا بۆ هەزار ساڵ دەچێت بەیەکەوە دەژین چاکتروایە بڵێم کۆیلەتانین تازە خۆمان بە ئێوەوە گرتووە هۆگرتان بووین دڵمان نایەت دڵتان بشکێنن، لێتان برەنجێن بەجێتان بهێڵین، ئاخر ئێمە خۆمان قەت بە خاوەند ماڵە نەزانییوە لە ئاستی ئێوەدا. دایمە ئاشتیمان بۆ ماڵە دراوسێ خواستووەو شەریش بۆ خۆمان، دڵنیابن ئەو خەڵکەمان وا شەرانیو بوغزایی کردووە کە عەسابیان لەسەر کونە لووتیانە بە بەیانێک، بە دەهۆڵێک هەموویان بۆ کێڵگەکانی شەری خۆکوژی راپێچدەکەین زۆر ئاسان دەتوانین بە دێریک لەدێرەکانی خۆیان سوکیان کەین ئەو سوکایەتیەمان لە زەمانی شاخەوە بۆمان ماوەتەوە کە بە پاسۆکمان دەوت مەنجەڵێ یاپراخ بەشیان دەکات، حسک عەرز دەدرێ، شیوعێکان خوشکو دایکی یەکتری هین، دەکەن قیادەمۆقەتەیش خۆتان باش دەیناسنو خەڵکی ئەم وڵاتەیشمان والێکردووە لە رووی نەیەت بڵێ شەستوشەش لە دوای شەستو پێنجەوە بازبداتو بڵێ شەستوحەوت.

پەرلەمانێکان هەیە عەلمانی هەر زۆر بلیمەتانە بوجەی چەند ساڵمان حەپەلوشکردووە، دەستورێکان هەیە تاکو ئێستاکە کەس نەیبینیوە بەڵام کۆپی هینەکەی حیزبی بەعسی ئیشتراکییە تۆزێک دەمە زەردمانکردۆتەوە جاهەر بەو دەستورە خەڵک دەگرین خەڵک لە وڵات دەردەکەین. ئێمە زۆر جار وتومانە هەر کەسێک ئەم وڵاتەی بەدڵ نییە دەرگا لەسەر پشتەو ئیتر سەرمان نەئێشێنێت و بەرۆکمان بەردا. ئەگەر نەیشمانتوانیی دەمکوتیان کەین باشتر وایە بڵێم وەک زەردەشتو

سۆرانەکان ئەوا لە میمبەری مزگەوتەکانەوە بە مەلا موسڵمانەکانمان دەڵێن فەتوای خۆیان دەرکەن، مەبەستم ئەوەیە ئێمە وڵاتێکمان فەسادکردووە بەڵام هەرکاتێک تێمانگیرا بادەدەینەوە بۆ کلتورو ئیسلام لەیەوە ئیشی خۆمان مسۆگەردەکەین. کوشتن هەر کوشتنە جا ئیسلامی بێت یان عەلمانی گرنگ ئەوەیە گەندەڵی بەرقەراربێت تا ئێمەو حیزبو سەرکردە لەسەر بەرێوەبردنی دەسەڵات بینو هەرخۆمان ئاغابین. ئێمە خۆمان بە دیموکراتی دەزانینو عیلمانین بەڵام لەوەتەی هەین هەرخۆمان لەسەر حوکمی قەرەقۆزین هەموو کۆنگرەیەک هەرخۆمان بە سکرتێرو سەرۆک هەڵدەبژێرینەوە.

خەم لە باشور مەخۆن ئەو گوندانەی سەدام ئەنفالی کردن ئێستاکە خستوومانتە سەر شارو بەناوی دیموکراسییەوە برا عەرەبەکانمان خستۆتە ناوی، ئەوانە برایی گیانی ئێمەن ئێستاکە لە نێوان دوو ماڵی کوردا تورکێکوو عارەبێکو فارسی ناسێک و مزگەتێک هەیە برا تورکمانەکانیشیمان لەدەوری چاڵە نەوتەکانی کۆیە دامەزراندووە.

ماڵێکمان هەبوو لە عەشق
پێیەکمان تێنەکرد
بستە خاکیکمان هەبوو گوڵە هێرۆ
کردمان بە ترانسێتی قاچاغچی
ئازادییەکمان هەبوو
هەناسەیەکمان تیانەدا
چەمۆڵەمان لە عەشق ناوو
رەدووی سێبەری سەرکردەیەک کەوتین

بە خودا بڵێن:
چۆن توانی لە قور هەناسەیەک چێبکات
بە بیابان بڵێن:
چۆن توانی لە لم ئیمپراتۆرێک بەرپابکات
بەو دوو پێیەیش بڵێن:
چۆن توانی لە خیانەت شۆرشێک دروستبکات

تەمەنێک دەبێت لەو نیشتیمانەدا لەدایک بووم، ئەو کاتانە کەس خەمی دەرگا داخستنی نەبوو، دەرگاکان دایمە لەسەرپشت بوون، ژیان ئەوەندە سادە بووم پڕبوو لە خۆشەویستی پەپولە، لەدەرگایەک دەچوو بەتەنیشت بەهەشتەوە پڕبوو لە گوڵە میلاقو سڵاوی یار، من لەیەوە فێری ئەوەبووم چۆن کچەکەی حاجیم خۆشبوێت، ئێستایش خۆشمدەوێت ئێستایش دەبمە چەتری سەری، من لە چاوەکانی کچەکەی حاجییەوە فێری ئەوەبووم نیشتیمان مانایەکی هەیە بۆ بون، بۆ خۆشویستی، بۆ ژیان، هەربۆیە تاتوانیم گەڵای شیعرم بەسەردا دەباران، گەڵارێزانی عەشقم دەکرد، گۆرانیم بۆ چاوەکانی دەوت خۆم بە قوربانی ئەو دەکرد پەراوێک شیعرم داڵە پرچیو رۆحم لە بەرپێیدا سەردەبری.

ئەی ژن
بە پرچەتەوە پەنجەکانم
بە سیمای نیشتیمانیشەوە ئازارەکانم
تۆ ئەی ژن!
تاوێ لە ئازارو تاوێ لە تەنیاییو تاوێ لە دووریم

پەنجەکانت لە پەنجەم گیرکە
تا نیشتیمان نەی خستومەتە بۆسەی خیانەتەوە

ئەو فێری ئەوەیکردم کە نیشتیمان سیحرێکە پڕلە رەنگ، پڕلە خەیاڵو ئەفسانەو سیناریۆی عەشق، پرە سەروەری پرە لە پیاو چاکان پرە لە حەپسەخانی نەقیبو پرە لە خولە پیزە و کاکە مەم و مەم وزین پرە لە داستانی شێخ و بەردە قارەمان. من وا لە نیشتیمان گەیشتیم ئەگەر دەمزانی ئەم نیشتیمان بۆتە تەویلەخانەو قاحبەخانە بۆ کۆمەڵی کەس قەت سەرم بەم نیشتیمانەدا نەدەکرد دەرگام لە خۆم دادەخست قیربەجەهەنەم چیدەبوو بابوایە بالە تەنیایدا برزیمایە بۆ کەس خەمی نیشتیمانی هەیە تاخەم لە منێکی تەنهاو دوورە وڵات بخوات.

پێی بەو بەردانەدا مەنێ خودا دەتانگرێ
ئەوە نزایی تەیرەکانی نیشتیمانو
سەدای کەنەسمە جوانەکانو
نزایی پاکی دایکمو
خەمی وردیلەکانن
پێی بەو بەردانەدا مەنێ ئەی..
ئەم بستە خاکە کە بۆتۆ بۆتە تەویلەخانەو
تەرمینالی سیخورو خیانەت
بۆ من نیشتیمانە
بۆ من نیشتیمانە کەلاوەو خانووە قورەکانی
بۆ تۆیش کۆشکو باڵەخانەو دۆلارەکانی.

بە سەدان کەس لە ئاوی ئیجەدا خنکا کەس خەمی لێنەخوارد، کاتێکیش خانوە قورەکان لەلایەن ئێرانەو تۆپبارانەدەکرا دەیانوت هیچ نییە خانوە قورەکانە وەک خانوە قورەکان بزنی تیابژی، ئێستایش قەندیل بەهەمان شێوە ئێران تۆپبارانی دەکات کەس خەمی نییە ئەوساکە سەدام بوو ئێستاکە هەرێمە، ئەوسا سەدام لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا لە جەنگدا بوو دوژمنی یەکتری بوون پەیوەندیان لەگەڵ یەکا پچرابوو بەڵام ئێستاکە هەرێم پەیوەندی باشی لەگەڵ ماڵە دراوسێدا هەیە بە قسەی خۆیان تورکیا زیاد لە چوارسەد کۆمپانیای هەیە لە هەرێمدا بەڵام تورکیا هەر بە هەوەس تۆپبارانیان دەکات بەڵام ئێران هەر بە ئارەزوو تۆپبارانمان دەکات،

سەرکردەکەم کە زیاد لە سەد هەزار چەکداری لە پشتە خۆی بە عێراقی دەزانێتو لە پێناوی چاڵە نەوتەکانی عێراقدا دەجەنگێ زیاد لە سەد قوتابخانەو مزگەوتو خانوو مانووی هەیە گیرفانی پرە لە پارەی عێراقی و دۆلاری ئەمەریکی، ئەوروپای کردووە بە ماڵی هاوینەی خۆی، ساڵی جارێک بۆ پشوو دەهێتە ئەوروپا بە تەنها خۆی لەگەڵ سەد پاسەواندا لە کام ریستورانگی گرانبەهادا نان دەخوات و دەخواتەوا ، کۆمەڵی کەس هەیە لەسەر وتەکانی سەرۆک خۆیان دەدەن بەکوشت کەچی سەرۆک خۆی بە عێراقی دەزانێ. منی لاتوو دوورە وڵات کە خاوەنی هیچ نیم خۆم بە کوردستانی دەزانم. ئەمە سکانداڵی خیانەتە یان بلیمەتی؟

سلێمانی شارێکە لانکی منداڵییمە و دواهەواری هەڵهاتنیشم بوو، ئەگەر هەموو دنیام لەسەر تاپۆکەیت نایگۆرمەوە بە بستێ خاکی نیشتیمان ئەوەی وەفای بۆ شاری خۆیی نەبێت بۆ شاریکی تریش نابێت ئەمە فەلسەفەی بونە بوون. ئەم شارە کەمنداڵیمی تیا نایەتەوە یادو گەنجێتیشم تەنها شەقامیکی درێژی تووی مەلیکو کچانی ماڵە دروایێ بوو، ئیتر لەوە زیاتر نایەتەوە یادم هەموو تەمەنی لاوێو منداڵیم بە دیرێک پێناسە دەکەم. بەڵام هەرلەیەوە فێری ئەوەبووم کە چۆن رێزی

ماڵەدراوسێو پیرو منداڵ بگرم. هەر لەیەوە فێری ئەوەبووم ئەوی کەسێکی لە شارەکەی خۆی خۆشنەوێت هەرگیز ناتوانێ کەسێکی تر لە مەلەکەتێکی تر خۆشبوێت..

ئەی شار
ئەی شاری نێوەند خەونو ئەندێشەکانم
وەرە خەونمەوە تابزانی منی تەنها چۆن بەدەم ئازارەکانی تۆوە ئاخ هەڵدەکێشم
تابزانیت چۆن بە دەم سوێسکەی تەمەنەوە گۆرانی بۆ نیشتیمان دەڵێم
وەرە تا بزانی چۆن بە گەنجی پیربووم
چۆن بەدەم سەمای مەرگی ئازیزانەوە وەک گوڵە پایزە هەڵوەرام
وەرە ئەی شار ئەی شار دڵرەق
کەهاتیت لەگەڵ خۆتا چنگێ خۆڵ مستێ بەرد بهێنە
تابزانیت من رەنگی خاکم گرتوە یان تۆ
تابزانیت من رۆحم لێونبووە یان تۆ
ئەی شار!
وەرە چاوەکانانمەوە تابزانیت چۆن بە دەم ئازارەکانی نیشتیمانەوە هەڵدەقرچێم
تابزانیت چۆن بەدەم ورێنەی نیشتیمانەوە خەون دەمباتەوە
ئەی شار! شاری دڵرەق
دەمەوێت تۆیش وەک من بەدەم کزەیی ئێوارەوە
سەرما پەنجەکانت بگەسێ
بەدەم قرچەی نیوەرۆوە گەرما
رومەتەکانت بکا بەسوتماک
دەمەێت تۆیش وەکو منداڵانی شار
بە خۆڵە عەمەلەکاندا بگەرێت بۆ کیلۆیەک فافۆنو مسو بژێوی ژیان
دەمەوێت تۆیش وەک کچانی نیشتیمان لە پیاوە ددان رزیوەکان مارەبکرێت
تابزانیت عەشق چەند کارەساتە
تابزانیت خیانەت چەند تاوانە

هاورێکەم کە رۆشتەوە پاش بیست ساڵ بە کوردییەکی پەتی دەئاخفتا بووە گاڵتەچی خەڵکی پێیان دەوت پاش بست سال زوبانی کوردیمانی بۆ هێناوی لە ئەوروپاوە ، هەموو تەمەنی لە کوردیدا خەسارکردووە.چما چ فەیلەسوفێکە! پێموت کە چویتەوە خۆت تۆزێک فێری عارەبیکە ئەگینا ئیشت ناروات گاڵتەی بە عەقڵم دەهات، پێموت ژمارەی مزگەوتەکان لەو خوێندگاکان زۆرترە گاڵتەی دەهات.. دەموت لەگەڵ هەرکەسێکدا قسەبکەیت باسی گەندەڵیت بۆ دەکات کەچی سێ تاچوار موچە وەردەگرێت.. پێموت لەدەمت دەرنەچێت بڵێت فلانی کۆنە تەواری  چۆنە؟ ئەگیان وەک مار پیاتا هەڵدەشاخێنو ئەتکەن بە کێودا، نەکەی بڵێت حەمە هین چۆنە؟ چونکە ئێستاکە ئەو بەرێوبەری دەزگایی هینە. سەیرت لێنەیەت کە رۆشتیتەوە بەلوعەیی ماڵتان ئاوی پیانەهات، ئاوەکەی بانیخێڵان کە ئێستاکە هی تورکیایە لە خزمەتایە بە دووسەدو پەنجا دینار عێراقی. کە رۆشتیتەوە سەیرت لێنەیەت دراوسێیەکت تورکەو ئەوی تریانت عەرەب قوتابخانەیەک تورکیەو ئەوی تریان عەرەبییە، بارەگایەک میتو ئەوی تریان بەناوی قونسڵیەتەوە ئێرانییە بەڵام برا کوردەکانمان کە لە ژنەکەی ترن بۆیان نییە بە قەندیلیشەوە بژین کە بزن تیایی ناژێ، سەدام جادەی قیری بە گوندی هەژار رەوانەبینی ئەنفالی کردن تورکو فارس قندیلیش بە کورد رەوانابینن بۆمبارانیکردن سەرگەردانیانکردن.

ئەوە ڕێکەوت نییە کە چاڵە نەوتەکانی باشور چواردەوریان بە ماڵە تورکمان گیراوە! تورکمانەکان لەدەوری تەلعەفەرو نەینەوا کەرکوک وا کۆیەیشی زیادکرد نیشتەجێبوون کوردیش کە نیشتیمانی خۆیەتی لە شاخو چیاو دۆڵەکانن. برای عەرەب و زربرا تورکمانەکانمان لە دەوری چاڵە نەوتکانو لە کۆمپانیای نەوتدا دامەزراونو بونەتە کرێکاری کارگەکانی نەوتو بونەتە ئەندازیاری بۆرێکانی نەوتو بونەتە کارمەندی دەزگاکانی نەوتو بونەتە شالیاری نەوت. کوردیش کە نیشتیمانی خۆیەتی کراوە بە شوانو کراوە بە جوتیار کراوە پاکەرەوەی شەقامەکانی شار بۆتە ئەندازیاری کاڵەکو شوتی چاندەن و گەنمو جۆ دروێنەکردن بۆتە قاچاغچی نەوت بۆ برا عەرەباکنمان. لە دەریشەوە کوردەکان بونەتە دەرگەوانی باڵوێزخانەکانی عێراقو بونەتە چاودێری بەسەر یەکتریەوەو فرکان فرکانی ملشکاندنی یەکتریانە.

لیلین کە ئەو شۆرشە گەورەی پەرپاکرد مەبەستی ئەوە نەبوو کۆمۆنیستی بکاتە باڵا دەست لە رووسیادا بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەو مرۆڤە ئەوە بوو کۆمەڵگای روسی لە شوانیو جوتیارو لادێییەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی پیشەسازی بیکات بە وڵاتێکی پیشەسازی. بە پێچەوانەوە لە وڵاتەکەی مندا دوژمنان دەیانەوێت کورد لە چاڵە نەوتەکانی خۆیانەوە رەوانەی کێڵگەکانی تەماتەو خەیارو پیازو شوانی گایەلەکانیان بن. هەر بۆیە بە درێژای هەژدە ساڵ نەکارەبا نەبۆری ئاویان هەیە هەر ماڵیک بیرێکی ئاو لەگەل سندوقێکی زێرابو پیسایی لە تەنیشت یەکەوە هەڵکەندووە.

ئەگەر لە رووی ئەم هاوکێشەیەوە بروانی دەبینیت کورد زیاتر دەشتەکیو شاخاوی بووە وەک لەوەی لە شارستانی نزیکبێتەوە هەر بۆیە ئەم مرۆڤە دایمە لەبارە بۆ هەڵخەڵتاندەن بۆ تەفرەدانو داگیرکردنو بۆبرواکردن بە خورافیات. مەبەستی من لەم روانیینە ئەوە نییە کە بەروبوومی خاک بێ منەتبکەم بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە کە هەرکەسێکی عەقڵێتێکی پیشەسازی نەبێت ناتوانێت دەزگایەک دروستبکات ناتوانێت سۆندەیەک بۆ ئاودانی شەتڵی تەماتەکانو گوڵەکانی بکات.. دەبێت دایمە نۆکەری داگیرکەرو دایمە پیویستی بە دووژمنان بێت نەک لە خەڵکی خۆیی.

پاش ئەم هەموو سەرگەدانییە سەرکردەکان هاتن تاکی کوردیان بە ناوی شەرەفی نیشتیمانەوە کرد بە سەرباز. نیشتیمانێکیان لە ئاسایشو پاراستن و سوپاو زرێڤانیو پۆلیسو بەرگریو گاردی سنورو سەربازگا دەزگایی دژەتیرۆر بۆ دروستکردین تاهەر تاکێکی کورد خاوەنی بیروهۆشی سەربەخۆیی خودی خۆی نەبێت و دایمە ملکەچی بریارەکانی سەرکردەو حیزب بێت. ئەوان هاتن سیستەمی بەرێوبردنی ژیانیان لە مەدەنییەوە کرد بە سیستەمێکی سەربازی کە خودی سەدام حسێن زۆر هەوڵی ئەو سیستەمەی دا بەڵام بۆی نەچۆوە سەر بەڵام ئەمان زۆر بە ئاسانی کردیان سیستەمی ژیانی ئەو خەڵکەیان بەزۆرەملی کرد بە سیستەمیکی میلیتاری، چونکە لە سیستەمی سەربازیدا تاکەکان ملکەچی فرمانەکانی گەورەکانن بەبێ ئەوەی بیری لێکەنەوە ئیشی ئەوان تەنها جێبەجێکردن دەبێت و هیچیتر، هەروەها لە ژیانی سیستەمی سەربازیدا ژیانی ئەفەسەر وسەربازەکان بریتیە لە رابواردن لە خواردنەوەو خواردنو ئافرەتو قومارو پارەو عارەقو قاقای گەورە گەورەو مادەی بێهۆشی، بەبۆچونی من باشور ئێستاکە باشترین جوگرافیایە بۆ ئەوشتانە چونکە دەگونجی لەگەڵ خەڵکەکەیدا بۆیە بە درێژای هەژدە ساڵ نەیانتوانی کارگەیەکی بەرهەم هێنان دروستبکەن تائەو خەڵکە بێ ئێشوو کارەی دەرچووەی زانکۆکان ملکەچی ئەوەبن لە پێناوی بژێووی ژیاندا ببن بە سەرباز یان خۆیان بۆ سەربازی ناونوس بکەن. ئەمانە هاتن پلەیەکی تریاندا بەو ئەفسەرانەی کە پلەدارن وایانلێکردن تا خۆیان بە کەسێکی گرنگی ناو کۆمەڵگا بزانن‌و نازێ بکەن بەسەر دەوروبەردا ئەم پیشەیە وا دەگونجێ لەگەل خەڵکی ناوچەکەدا هەربۆیە پلانەکانیان بە ئاسانی هاتەکار، هەر بۆیە بەدرێژای هەژدە ساڵ نەیانتوانی کارگەیەک بەرهەم بهێنن تائەو خەڵکە بێ ئیشووکارەی دەرچووی زانکۆکان ملکەچبن ببن بەسەرباز یان پەیوەندی بە کۆلیژی سەربازییەوە بکەن لە پێناوی بژێووی ژیاندا خۆیان بۆ سەربازی ناونوسکەن. چونکە کۆمەڵگا خەڵکانی واستەکاریو خۆبردەنە پێشەوەنن، ئەم پیشەی ئەفسەرو سەربازییە وا لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا دەگونچی کە زۆرکەس بڵی فلانی ملازم دەناسی یان فلانی راید تادوایی هەربۆیە حیزب پلانەکەی بە ئاسانی هاتە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کەسانە.

حیزب کۆمپانیایەکە بۆ کرینو فرۆشتن
بۆ جامبازی کردن بەسەر سەروەرىو سامانی وڵاتەوە
زیندانێکە بۆ کوشتنی تاکە ئازاکانی کۆمەڵ
رێگایەکە بۆ خیانەتو
درۆیەکی گەورەیە بۆ سەرکەوتن
تەکێیەکە زۆر بە ئاسانی لە ماڵە باوانت دەکا
دزێکە زیرەکانە بە ناوی نیشتیمانەوە
کورەکانمان بۆ بەرەکانی جەنگ راپێچدەکات

ئەی شار شاری دڵرەق
شاری نیوەند پەنجەکانم،
دەبێت خۆشحاڵ بیت کەلێت دوورم
دەبێت سەربەرز بیت کە ئەوا بۆ بیست ساڵ دەچێت نەتبینیوم
چونکە بیست ساڵی رەبەقە من خیانەتم لە تۆ نەکردووە
بیست ساڵی خشتە من میزم بە دیواری ماڵی تۆدا نەکردووە
بیست ساڵی رێکە من نەرشاوماتەوە پیاتا
بیست بەهارە من گیرفانەکانتم پرکردوە لە گەڵای سەوز
کەچێ ئێستاکە هەر بەقەزاربارم دەزانی
ئەی شار بروانە
بەم پرچی ماشوبرنجیەوە
بەم تەمەنی قەیرەبوونەوە بۆ باوەشی تۆ دەگریم
بروانە ئەی شار
چۆن کەللەم بەقەتاری ئەم مێژووە قەموورەدا کرمی هەڵهێناوە
ئەی شار!
خانویەک لە بەردو شەقامیک لە خوێن
ماڵێک لە برسێتیو مرۆڤێک لە تاوان
بروانە تاکو ئێستاکە کەسێک پێی نەوتم خاڵە
گەورە نابم و ئازارێکمو بە باڵای تۆدا گۆشتە کراوم
ئەی شار!
گوندێک لە ئەنفالو مێژوویەک پرلە خیانەت
سەرکردەیەک لە درۆو
سوپایەک پرلە جەهالیەت
بزانە کاممان پەنجەکانمان پرە لە خیانەتو

سوره به خوێنی براکان!
ئەی شار!
ئەگەر منیش پەنجەکانتم سور دەکرد بەتاوان
لەسەر سفرەی خوێنی براکان سەروەرتیم پێدەفرۆشتیت
ئێستاکە منت دەخستە سوچی مەنفاوە
منت بە دەم هەنسکو پروسکی نیشتیمانەوە نە دەسپارد بە مەنفا
ئەم دڵە ترافیەت بێ نیشتیمان نەدەکرد
گەر منیش وەک جامبازان
هەر جارەی لەسەر پەتێک
وەک مەیمون هەڵپەرکێم پێبکردیتایە
گەر منیش وەک بەکرەکان دڵدارەکانتم لەیەک بکردایە
تەنهات نەدەکردم
منت نەدەخستە بەردەم قاپی مەنفاوە
گەر منیش وەک فەلسەفە رزیوەکانی حیزب
کورەکانتم بۆ بەرەکانی جەنگ راپێچدەکرد
سی ساڵ شەری خۆکوژیم پێدەکردیت
ئێستاکە منت لە ئەلبومی خۆت دەرنەدەکرد
منت لە خۆتو نیشتیمان نەدەکرد

لە شار پیاوێک هەیە ناوی خۆیی ناوە سەرۆک کە قسە دەکات من یەکسەر کەناڵەکە دەگۆرمو دەچمە دەرەوە هەزارو یەک دوعا دەکەم کە شتێک نەقەومێ چونکە دەزانم وتەکانی ماڵوێرانی بە دووەدا دهێت وەک لە خۆشبەختی. ئەم پیاوە کەلە ماڵ دهێتەدەر زیاد لە پێنج سەد پاسەوان بە دوویەوە و هەزار تفەنگ لە شانیش بە دەوریدا وەک هەنگ گیزەیان دهێت کەچی ناوی خۆی ناوە ئازادییو بەرقەراری،

لەوێ پۆلیسێک هەیە پێدەڵێن حیزب
پیشەی هەر تۆقاندنە.
پیاوێک هەیە لە تفەنگ
پیشەی هەر کوشتنە
لە هەر شوێنێک ئازادی هەبێت ئەو لەوێیە.
لەوێ سوپایەک هەیە بۆ کاولبوون
مرۆڤێک بۆ کوشتن
رۆحێک بۆ تیرۆرکردن.
ئازادییەک بۆ هەڵهاتن

لەوێ شارێک هەیە بە درێژای تەمەنی تیرۆر دەکرێت لە ناودەبری سوکایەتی پێدەکری کورە ئازاکانی ئەگەر بۆیان نەکوژرا سوکیان دەکەن کچە جوانەکانی ئەگەر بۆیان مارە نەکرا هینیان دەکەن، باوکەکان ئەگەر نەهاتن بۆ کۆبونەوە ئیهانە دەکرێن، فەرمانبەرەکانیان ئەگەر دەنگیان بۆ حیزب نەدا لە کار دەریاندەکەن، ناچار خەڵکی ئەم شارە پەنا بۆ پایتەخت دێنن ناچار لاوانی ئەم شارە سەری خۆیان هەڵدەگرن دڵدارەکانیان بە جێدێڵن، پایتەخت لە ئەندێشەی خەڵکی

ئەم شارەدا بۆتە پاریس بۆتە شاری ئاشتیو ئارامی بەڵام لە راستیدا هەرچی بۆسەی گەندەڵی و نائارامییە لە پایتەختەوە بە دیاری بە سەبەتەی تورکییەوە بۆ ئەم شارە دێت. ئەی شار ئێستاکە دەزانی کێن ئەوانەی کە سابۆتاجت پێدەکەن؟

ئەی شار!
رۆژێک دێت ئەم نیشتمانە}
بە چەچیو پاقڵە فرۆشو شاعیرو فەیلەسوفـو سەرکردەو مەرکردەوە
بە خوێندکار پزیشکـو مەلاو شێخو گەورەو بچوکەوە
راپیچدەکرێت بۆ بەردەم دادگای درەختێک
ئیتر تا ئەبەد ئەم نیشتیمانە لە چاوەکانی شاردا پشوو دەدات
ئارام دەبێت بێخەم لە سنگی یاردا دەخەوێت.

رێمان دەکرد
هەورەکان نەشازبوون
هەورەکان جێسەرنجو چاوەکان بە سەرسامییەوە ئەیانروانی
چەند بە هێواشی رێماندەکرد
چەند بە خۆشیەوە ئەستێرەمان دەژمارد
چاوەروان بووین
ئەو شەمەنەفەرەی بریاربوو بگا نەگەیشت
ئەو شەمەنەفەرەی بریار بوو لەگەڵ خۆیا گەشتگەرەکان هەڵگرێ
بارێ چەکی لەگەڵ خۆدا هێناوبوو
باران دەباری
چاوەکان ماتوخامۆش
ئەم گەزە ئاسمانەو ئەم هەموو نەفەرەتی بارانەیان نەوتووە
ئەم بستە خاکەو ئەم هەموو کۆچو ئەنفالەیان نەوتووە
چاوەروان بووین
لە ژێر بوکێنی دارئەرخەوانێکدا
گەنجێتیمان بژار دەکرد
پەڵە هەورەکان هاتنو سنگی خۆیان دادری
مەمکە پوچەڵو گوشراوەکەیان دەرخست
داوایی چۆرێک ئاویان لێکردن
ئێمە چاوەروانی پەیکەر تاشێک بووین
تاپەیکەرێکمان لە عەشق بۆ داتاشێ
مندالێک هاتوو وتی:
پیاوێک هاتووە کەڵەگەت لە رۆخی روبارەکە
بەدوو پەنجە سیغار دەکێشێ
لە ماسیگر دەچێت تالە پەیکەرتاش
چاوەروان بووین
لەژێر بوکێنی رۆژێکدا
گوناحەکانمان سپیدەکرد

مندالیک هاتوو وتی:
کابرایەک هاتووە ڕێبوار لە قەراغ روبارەکە دانیشتووە
بەدوو دەست سیغار دەپێچێ
لە جامباز دەچێت تالە پەیکەرتاش
چاوەروان بوین لەرز ددانەچۆقەی لێبریبووین
گوێکانمان بەتەنافی ئەم ڕێیەدا هەڵخستبوو
گومان دەیکوشتین، زۆر دەترساین
قەرەجێک بێت خەونمان بەرێت
ئیتر ژیان تائەبەد رەنگی پەنجەرە بگرێت}

نامۆ سامان
01-08-2010

تێبینی
{} کۆپلەیەک لە پەخشانە شیعری پەنجەرە هەر حەزمکرد تێهەڵکێشیکەم و کۆتای بەم کۆپەلەیە بێنم کە لەساڵی 1998 نوسراوە واتە 12 ساڵ بەسەر ئەم پەخشانەدا رۆشتووە بەڵام لای خۆم وادەزانم هێشتاکە نەمنوسیووە، هەمیشە لە ئەندێشەی مندا ئەم پەخشانە زیندووەو کۆن نابێت.

+ خانووەقورەکان گەرەکێکە لە شاری سلێمانی ساڵەکانی 1986 تا 1988 لەلایەن ئێرانو عێراقەوە تۆپبارانەدەکرا. چونکە برا سیاسێکانمان لە شاخ هاتن یارمەتی پاسدارانیان داو بۆریە نەوتەکانی کەرکوکیان گولە بارانکرد ئێرانیش لە پاش ئەو پیاوەتییەو چالاکیانە هات سلێمانی بۆمب بارانکرد. عێراقیش لە داخی ئەوە هەر سلێمانی بۆردبارانکرد بەڵام بە دزییەوە لەگەڵ تۆپەکانی ئێراندا تێکەڵیدەکرد . هەروەکو ئێستاکە تورکیا ئەگەر باشور نەبێت دەمرێت هەروەها ئێرانیش لەوەتەی هەیە لە سەر مەرزو قاچغچیەکانی باشور دەژی ئنجا هەر دووکیان بەیەکەوە قەندیل تۆپباران دەکەن کێ ناڵێت ئێستاکەیش هەر وەکو جاران عێراقیش بەدزیوە بۆمب بارانی ناکاتو پشتگیری ئەو کوشتارە ناکات ئەگەر نەیشیکات بێدەنگی حوکمەتی عێراق ئەوە دەگەیەنێت.

namosaman@hotmail.com